## هەرجارەی بیرمەندێک

# ئەلبێرت کامۆ



**نوسەر و فەیلەسوفی جەزائیری – فەرەنسی**

کامۆ وەك بیریاری بونگەرایی ناسراوە، هەرچەندە بۆ خـۆی حـەزی دەکـرد، وەك مـرۆڤ بناسرێت نەك ئەندامی قوتابخانەیەك، یان ئایدۆلۆژیایەك. کامۆ مرۆڤی لەلا بەرزتر بـوو، وەك لە ئایدیا، ساڵی 1957 خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێبەخشـراوە. لـەماوەی جـەنگی جیهـانی یەکەمدا، باوکی لەجەنگدا دەکوژرێت، بەمەش سەرەتای هەژاری و نارەحەتی ژیانی دەست پێـدەکات و دایکـی سەرپەرشـتی خێزانەکـە دەکـات، ئـەم هەژاریـەش وا لـە کـامۆ دەکـات هـەموو جـۆرە ئیشـێك بکـات، لەهەمانکاتیشدا ئاگای لە خوێندنەکەی دەبێت و ساڵی 1935 زانکۆ تەواو دەکات، لـەماوەی ژیانیـدا دووجـار ژنـی هێنـاوە، هاوکات لەتافی لاوێتیشدا گرنگی بەسیاسەت داوەو پەیوەندی بەچەند پـارتێکی سیاسـیەوە کـردوە، لەوانـە پـارتی کۆمۆنیسـتی فەرەنسا و پارتی گەلی جەزائیری. لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، کامۆ پەیوەندیدەکات بەشانەی بەرگری فەرەنسا، کە ناوی (خەبات) دەبێت و بڵاوکراوەیەکیش هەر بەو ناوە دەردەکەن، ئەم گروپە دژ بەنازیەکان شەڕ دەکەن، کامۆ دەبێتە سەرنوسـەری ئەم بڵاوکرایەوە لەساڵی 1943 ، هەر لەم ڕێگایەشەوە برادەرایەتی لەگەڵ (جـان پـۆل سـارتەر) پەیـدا دەکـات، کـامۆ سـاڵی 1947 واز لە بڵاوکراوەکە دێنێت، دوای ئەوەی دەبێتە ڕۆژنامەیەکی بازرگانی. کامۆ دژی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بوو، کە لەهیرۆشیما بەکارهات. لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، کامۆ خۆی بۆ بواری مافی مرۆڤ تەرخان کرد، بەڵام لەساڵی 1952 دا دەستی لەکاری یونسکۆ کێشایەوە، دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیسپانیای وەك ئەندام قبـوڵکرد، بەرابەرایـەتی ژەنـراڵ (فرانکۆ).کامۆ لەساڵی 1960 کۆچی دوایی کرد بەڕوداوی ئۆتۆمبێل.

بیری کامۆ لەسەر پوچگەرایی:

کامۆ لەکارەکانیدا دوا لیزمە پێشکەش بەخوێنەرانی دەکات: شادی و خەمباری، تـاریکی و رونـاکی، ژیـان و مـردن.کـامۆ بەلایەوە گرنگ بوو، کە چۆن ئەزموونی پوچی بکەین و لەگەڵیدا بژین. پێویستە ژیانمان مانایەکی هـەبێت، کـە ئێمـە نرخـی بـۆ دادەنێین، ئەگەر قبوڵی بکەین ژیان بێ مانایەو هیچ نرخێکی نییە ئایا خۆمان بکوژین؟! بـە بۆچـوونی کـامۆ کـاری هاوبـەش و هاوکاری و سۆڵیداریێتی وەڵامن بۆ پوچی ژیان.

"ئەگەر شتێك نەبێت مانای هەبێت، ئەوا تۆ ڕاستدەکەیت، بەڵام ئێستاش هەندێك شت هەن، کە مانایان هەیە." نامەی دووەم بۆ هاوڕێی ئەڵمانی دیسەمبەری 1943.

**هەندێك لەکارەکانی**

- نامۆ
- تاعون
- یاخی بوون
- بەهەڵە تێگەیشتن
- بەرگری ، یاخی بوون ، مردن

ئا/لەئینگلیزییەوە: شاسوارکەمال مەحمود

سەرچاوە: **Wikipedia, the free encyclopedia**